# دیاره میوان دەبێت لە هەولێر لێی بدرێت!!.. دەرسیم دیبەگەیی

ئایا دکتۆر کەمال، میوانە یان ڕفێندراوە لەلایەن پارتی‌یەوە؟




سێشەممە 15.11.2005

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail.com


دوای ئەوەی هەواڵی بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمالی سەید قادر، لە 26ی ئۆکتۆبەر لەلایەن دەزگای پاراستنی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەڕێگای میدیای کوردی ڕاگەیەنرا، بەلێشاو وتارو ڕاگەیاندن لەلایەن نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی نیشتەجێی هەندەرانن، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ناوەندە کوردییەکان‌و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت وەکو پشتیوانییەک لەو بەڕێزە بڵاوکرایەوە.

دیارە نووسین‌و هەڵوێستی پشتیوانانی دکتۆر کەمال، بەتەواوی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەراسانکردووە، بۆیە هەندێک لەلایەنگرانی ئەو پارتە، دەستیانکردووە بەوەڵام دانەوەی داکۆکی کاران لەسەر برای بێسەروشوێنکراو.

ئەوەی من دەمەوێت دەری ببڕم ئەوەیە کە لەزۆر شوێن‌و سەر دیوارەکان لە هەولێری پایتەخت‌و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا، بەگەورەیی‌و ڕەنگی جۆراوجۆر نووسراوە: (بارزانی دەڵێت، هیچ کەسێک لەیاسا سەروەرترو گەورەتر نییە). منیش دەڵێم: (ئەگەر خۆتان باوەڕتان بەو ووتەیەی بارزانی هەبوایە، هەرچەندە نازانم مەبەستیان بارزانی باوکە یان کوڕ، ئەوە نە پێویستی بەو شێوە ڕفاندنەو نە بەو ئازارو ئەشکەنجەدانەی دکتۆر کەمال دەکرد. بەڵکو بەئاشکەراو بەبەرچاوی خەڵك دەتانبردوو دەتانداپە دادگا، چونکە هەم بەگوێرەی دەستووری هەرێمی کوردستان‌و هەم دەستوورە عروبییەکەی ئێراق، هیچ دەزگایەک بۆی نییە بەمشێوەیە خەڵک برفێنێ یان ئازارو ئەشکەنجەی بدات، هەتا ئەگەر ئەو کەسە تاوانباریش بێت).

لەڕاگەیاندنێکی (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک) کە لە 8.11.2005دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: (وەزارەتی دەرەوەی نەمسا پەیوەندی کردووە بە باڵوێزخانەی نەمسا لە ئوردون تاکو بە دواداچوون بکات لە ڕەوشی د. کەماڵ سەید قادر. بۆ ئەم مەبەستە باڵوێزخانەی نەمسا لە عەمان پەیوەندی کردووە بە بەڕێز هوشیار زێبارییەوە بۆ ئەوەی چارەنووسی د. کەماڵ ئاشکرا بکەن، لە وەڵامدا ڕایان گەیاندووە د. کەماڵ لای پارتی میوانە لەگەڵ هاتنەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کێشەکەی چارەسەر دەبێت).

بەر لەهەموو شتێک دکتۆر کەمال نەمیوانەو نەشتی تریش، ئەگەر میوان بوایە ئازارو ئەشکەنجە نەدەدرا (هەروەکو ئاوازی خوشکی نووسیوێتی: د. کەمال لە زیندانی پارتی زۆریان لێداوە هەموو گیان و لەشی شکاوە)، دیارە بۆتە مۆدیل لەمەودوا میوان دەبێت لە

هەولێر لێیبدرێت!! دوایی میوان ئازادە لەڕۆیشتن، دڵنیاشم نە دکتۆرو نەهیچ کەسێکیتر حەز بەمیوانداریێتییەکی واناکەن، کەچی ئێوە بەزۆر گرتووتانەو لەکونجی زیندانتان شاردۆتەوەو دەشڵێن میوانە!!! دواتر ئەگەر هیچ کەسێک لەیاسا سەروەرتر نەبێت وەکو خۆتان بانگێشەی بۆ دەکەنو ڕاست دەکەن، ئەی بۆ دادگا گوێی لەسکاڵاکەی دکتۆر کەمال نەگرت؟ کاتێک کە لە 28.9.2003دا سکاڵای لەدژی کۆنە بەعسیو ئەمینداریێکی پێشووی سەددامی وەکو دکتۆر سەعدی بەرزنجی سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی هەولێرو ڕاگری کۆلیژی یاساو ئەندامی پەرلەمانی ئێستای ئێراقی، بەرزکردەوە بۆ دادگای هەولێر، یان چ پێویست دەکات دادگا چاوەڕێی هاتنەوەی سەرۆکی هەرێم بکاتو لەگەڵ هاتنەوەی ئەو کێشەکە چارەسەر بکات، لێگەڕێن بادادگا بەشێوەیەکی سەربەخۆ ڕێچکەی یاسایی خۆی بگرێت. ئەو قسانەی زێباری دەیسەلمێنێت کە دادگا ناتوانێت بڕیار لەسەر کێشەی دکتۆر کەمال بداتو هەرواشە. هەروەها لێدوانەکەی زێباری نیشانی دەدات کە ئەو کێشەیە کێشەیەکی سیاسییە نەک یاساییو دەسەڵاتی سیاسیش لەسەرەوەی دەسەڵاتی دادگایەو دادگاش سەربەخۆ نییەو بەڵکو وابەستەی حیزبە هەروەکو دادگاکەی بەناو شۆڕشی سەددام!!!. ڕەفتارکردنی پارتی بەمشێوەیە بەرامبەر بە کێشەی دکتۆر کەمالو جیاوازی نێوان قسەو کردارەکانیان، هەزارەها گومان لای خەڵک دروست دەکات!!!!

بالێرەدا نوکتەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە کە لەسەر دادگای هەولێر پراکتیسە دەکرێت: (دەگێڕنەوەو دەڵێن جارێک کابرایەکی نیمچە شێت هاوڕێیەتی مەلایەکی هاوگوندەکەی خۆیان دەکات بەرەو شار. کاتێک مەلاو کابرا بەرەو ڕێگای سەرەکی هەنگاو دەنێن کە چەند کیلۆمەترێک لە گوندەکەیانەوە دوورە، دوای ئەوەی جووتە هاوڕێ یەک تا دوو کیلۆمەتر لە گوندەکە دوور دەکەونەوە، کابرای نیمچە شێت هاوار دەکاتو دەڵێت: خوایە تۆبە، نا نا کاری وا ناکەم! مەلا تەنگاو دەبێتو پرسیار لە کابرا دەکات کەچی ڕوویداوە؟ کابرا دەڵێت: ئیبلیس (شەیتان) پێم دەڵێت وەرگەڕێ مەلاو هەموو گیانی بشکێنە! مەلا دەڵێت: ئەستەغفیروڵڵا، ئەستەغفیروڵڵا، کوڕم نەکەی بەقسەی ئیبلیسی بەدفەڕ بکەی! کابرا بێدەنگ دەبێتو ماوەی دووسەد تا سێسەد مەترێکیتر دەڕۆن دووبارە بەدەنگی بەرز هاوار دەکاتو دەڵێت: لائیلا ها ئیلا ئەللا، ئەوە بۆ وازم لێ ناهێنی! جارێکیتر مەلا لەکابرا دەپرسێت کەچی بووەو بەمشێوەیە هاواری لێ بەرزبووەوە! کابرا لەوەڵامدا دەڵێت: دیسان ئیبلیس پێم دەڵێت کە بەبەردان سەرت پانکەمەوەو بتکوژم. مەلا ترسێکی زۆری لێدەنیشێتو بەدەنگێکی پچڕ پچڕ دەڵێت: کوڕی خۆم تۆ لەشوێنی کوڕمی، چۆن دڵت دێت کاری وا بەرامبەر بەباوکی خۆت بکەیت؟ دوایی ئیبلیسی کافرو نەگریس چییە، پیاو ماقولێکی وەکو تۆ بەگوێی بکات! پاش بەڕێکردنی چەند سەد مەترێکیتر کابرا بۆ جاری سێیەم بەدەنگی بەرز هاوار دەکات: باش تێنەگەیشتم بۆم دووبارە کەوە! ئێ باشە باش، ئێستا تێگەیشتم. مەلای قوڕبەسەر لەترسانا خەریک بوو زراوی بچێتو بەدەنگێکی

نووساوەوە دەپرسێت: چی بووە کوڕە خۆشەویستەکەی بابەی، دیسان ئیبلیسی ناحەز چی لێت دەوێت؟ کابرا دەڵێت: ئیبلیس داوام لێدەکات کە 100 دیناری بدەم بە تۆ! مەلا ئاهێکی دێتەوە بەرو خۆی فرێ دەداتە باوەشی کابراو تێر تێر ماچی دەکاتو دەڵێت: قوربانی خۆتو گوڕەکەی دایکیشت بم، جار جار کوڕم کاری واچاک بەقسەی ئیبلیس بکەی خراپ نییە!!
هەروەکو سەرگوزشتەی کابرای نیمچە شێتو مەلاکە، ئەگەر جار جار یاسا لەهەموو کەس سەروەرترو گەورەتر بێت، ئەوە تەنیا لەپێناو ڕاوکردنی نێچیرەکانو سزادانی ناڕەوای نەیارانی پارتی دەسەڵاتدارو بەرپرسانی حکومەتە، ئەگینا هەرکاتێ بەرژەوەندی پارتو بەرپرسەکان لەگەڵ کۆنە جاش، بەعسی، ئەمن، ئیستیخباراتو دوژمنیش یەکی گرتبێتەوە، ئەوە زۆر بێشەرمانە نەک تەنیا ئەوانەیان پاراستووە، بەڵکو بەسەدانو هەزاران کوردی دڵسۆزیان لەبەر خاتری ئەو ناپاکو زۆڵە کوردانە، بەناپاکو گەوجو نەزان ناوزەد کردووەو لەخۆیانیان ڕەنجاندووون.
ئەز پێم وانییە تائێستا کورد لە باشوری کوردستاندا هەستی نیشتمانی پێگەیشتبێت یان هەستێکی بەهێزی هەبێت، چونکە زۆربەی خەڵکەکە ئەوەندەی دڵسۆزن بۆ سەرکردەو بۆ پارتەکان، بەو ڕادەیە دڵسۆز نین بۆ کوردو کوردستان. ئەوەندەی خەڵکەکە لەسەر سەرکردەکان دێنە گۆ، ئەوەندە لەسەر کێشەی ڕەوای کوردستان نایەنە گۆ! ئەوەندەی خەڵکەکە بەقسەکردنو جنێودان بە سەرکردەکان دێنە وەلام، بەو پلەیە بەبریندارکردنو ناپاکیکردن لە کوردو کوردستان نایەنە وەڵام! خەڵکەکە ئامادەن بۆ بوونی مام جەلال بە سەرۆککۆمارو مەسعود بارزانی بەسەرۆکی هەرێم، دەیان شەوو ڕۆژ ئاهەنگو شایی بگێڕن، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی کەرکوکو شارە بەعەرەبکراوەکانی تر ئەوەندە ئاهەنگیان نەگێڕا! خەڵکانێکی زۆر هەن لەسەر ڕەخنە، گلەیی یان بابڵێین جنێودان بە تاڵەبانیو بارزانی، بۆیان بکرێت بەدڕندانەترین شێوە سەدەها کەس دەکوژن، بەڵام هەر ئەو کەسانە ڕۆژێ بەدەیان جار دەست دەخەنە ناو دەستی دەیەها ئەنفالچی، کورد کوژ، کۆنە ڕاوێژکارەکانی فەوجە سووکەکانو مەفرەزە تایبەتییەکانی ناو هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەو بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان کە زۆربەی کۆنە پیاوانی ڕژێم لەلای ئەوانن‌و، هاوڕێیەتی گەرمیان دەکەنو تادرەنگانێی شەوانە لەسەر یەک مێز دەخۆنەوە!! هەروەک بڵێی ڕەخنەو گلەییو جنێودان بن ئەنفالو کیمیابارانو کاولکردنو کورد قڕانی لێکەوتبێتەوەو، خائینو خۆفرۆشو ڕاوێژکاری فەوجە سووکەکانو مەفرەزە تایبەتییەکانو جاشەکان بەبەشداریکردنیان لەو تاوانانەی لەدژی کوردو کوردستان ئەنجامیان داوە، ڕەخنەی داهێنەرانەیان لە سەرکردەکانی کوردو کوردستان گرتبێتو دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی کورد بەهەوڵی ئەوان هاتبێتە بەر!!

گەورەیی‌و سەرکردەیی بارزانی لەوەدا دەردەکەوێت، هەر لێرەوە بڕیاری ئازادکردنی دکتۆر کەمال بدات، چونکە ناوبراو نەخیانەتی کردووە نە ڕۆژێک لەڕۆژانیش دژایەتی کوردی کردووە، بەڵکو هەردەم لەسەنگەری بەرەی گەل بووە. ئەگەر بەشێوەیەکی توندو تیژیش دەربارەی سەرۆکی هەرێم نووسیبێتی، ئەوە وەڵامی ئەو کەمینانە بووە کە مەسرور بارزانی‌و ئەندامانی بەرزی پارتی بۆ سووککردن‌و ئابڕووبردنی ئەو نابوویانەوە!! کەسیش نابێت مافی بەرگریکردن لەخۆ، لەکەسانی تر بسێنێتەوەو لەهەمان کاتیش ئەو مافە تەنیا بۆ خۆی بەڕەوا بزانێت. ئەگەر بارزانی‌و پارتی دڵگران‌و توڕەن بەوەی کە دکتۆر کەمال، سووکایەتی پێکردوون، دەبوایە خۆیان ڕێگەیان بەخۆیان نەدابایە لەسەرەتاوە سووکایەتی بە دکتۆر کەمال بکرێت، یان دەبوایە ئەو کەسانەیان سزا بدابایە کە ئەو پلانەیان لەدژی ئەو هۆنیبووەوە، چونکە سووکایەتی، ناوزڕاندن‌و ئابڕووبردن هەر یەکە، جا گەر بە سەرۆک یان شوانێک یان زاڕۆکێک بکرێت!! ئەو سووکایەتی کردن‌و هەوڵی ئابڕووبردنەی دکتۆر کەمال بوو، وای لەوکرد کە بەمشێوەیە ئەویش سووکایەتی بەسەرۆکی هەرێم بکاتەوە. ئەگەر پارتی‌و سەرکردایەتییەکەی ڕازی نابن کەس سووکایەتییان پێبکات کە مافێکی خۆیانە، دەبێت ئەوەش بزانن کە نەک هەر نابێت خۆشیان سووکایەتی بەهیچ تاکێکی کورد بکەن، بەڵکو پارتی دەبێت خۆی پارێزەری خەڵکەکە بێت لەوەی سووکایەتییان پێنەکرێت، نەک خۆی سووکایەتییان پێبکات!!

هەرچەندە نە هۆنراوەکەو ناوی هۆنەرەکەم لەیاد نەماوە کە لە پۆلەکانی ناوەندی ئەو هۆنراوەیەمان دەخوێند، بەڵام ئەوەندە دەزانم ماناکەی ئەوەبوو کە دەیووت: (هەردەم دۆلکە سەردادەنوێنی‌و خۆی دەچەمێنێتەوە بۆ بەرداخ لەکاتێکدا کە ئاو دەکاتە ناو بەرداخەکان). مەبەستەکەش لە دۆلکە سەرکردەو لەبەرداخیش تاکی ناو کۆمەڵ بوو، هۆنەرەکە لێرەدا پێمان دەڵێت کە پێویستە سەرکردەو پیاوی گەورە هەردەم بەشێوەی ئەو دۆلکەیە سەر بۆ هاووڵاتییان دابنوێنن‌و لەبەرامبەریاندا دڵفران بن، سەرکردە هەمیشە بەڕەفتاری جوان‌و کردەوەی باش لەگەڵ خەڵکدا بەگەورەیی دەمێننەوە. بابزانین دڵی کاک مەسعود تا چ ئەندازەیەک بەرامبەر بە دکتۆر کەمال فراوانە!!